ڕاگەیاندنی سەنتەری منالان سەبارەت بە:-

## سەردانی بەرپرسی جنێڤی سەنتەری منالان بە هاوکاری سەلیبی ئەحمەری دەولی بۆ بغداد ..!!

کاتژمێر 10:30 دوێنێ سەرلەبەیانی ، بەرپرسی سەنتەری منالان لە جنێڤ ( حەمە فاروق) گەیشتە بەغداد و لە فڕۆکەخانەی بەغداد لە لایەن مەروان قاسم بەرپرسی سەنتەری منالان لە بەغداد و چەند کەس لە ئەندامانی سەنتەرەوە بە گەرمی پێشوازی کرا.
پاش دەست بەکاربوونی سەنتەری منالان چ لە ناوەو چ لە چەند وولات لە دەرەوەی کوردستان و عێراق، وە دەرکەوتنی سەنتەر وە ڕێکخراوێکی بەرگری گەر لە مافەکانی منالان و دەستەو یەخە لەگەڵ کێشەو گرفتە جیاجیاکانی منالاندا ،وە بەرجەستە بوونی کارو چالاکییەکانی و بە تایبەتیش لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا. چەندین لایەن و ڕێکخراو بە شێوەی جیاجیا ئامادەیی وخۆشحاڵی خۆیان ڕاگەیاندووە بۆ بوونی ئەم سەنتەرە لە عێراق و کوردستاندا، وە بۆ بەهێزکردن و هاوکاری کردنی لە پرۆژە جیاجیا کانیدا ، وەک ناساندنی هەرچی زیاتری کێشەکانی منالان لە ئاستی کۆمەڵکادا ، بەدەست هێنانی هاوکاری و پشتیوانی بۆیان ، باش کردنی ژیان و گوزەرانیان ، ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگا بۆ لای مافەکانی منالان و ئاشنا کردنی کۆمەلانی خەڵک بە مافەکانی منالان لە کۆمەڵگای کوردستان و عێراقدا. لە ئەستۆ گرتنی خەرجی سەردانی نوێنەری سەنتەری منالانیش لە لایەن سەلیبی ئەحمەرەوە بۆ بەغداد لە درێژەی ئەم هەنگاو نان و دەرکەوتنەی سەنتەردایە.
شایانی باسە حەمەفاروق لە میانی سەردانەکەیدا بۆ بەغداد و بە هاوکاری ئەندامانی سەنتەر بڕێک کۆمەک و هاوکاری لە جۆری کەل و پەل و کەرەستەی پێویست بۆ ئەو منالانەی کە دەچن بۆ قوتابخانە ، بەسەر بەشێک لە منالە هەژارەکانی چەند ناوچەی بەغداد دا دابەش دەکات ، کە پێشتر لە لایەن ئەندامانی سەنتەرەوە سەردانی ئەو گەڕەکانە کراوەو ناوی منالان بۆ ئەم کارە لیست کراوە. ئەمە جگە لە دراسە کردنی وەزعییەتی منالان و دیاری کردنی کێشەو گرفتەکانیان بە شێوەیەکی تایبەتی و هەوڵدان بۆ هاوکاری و چارەسەرکردنیان لە داهاتوودا.
لە هەمان کاتدا سەنتەری منالان ماوەیەکە لەهەولی کردنەوەی خانەیەکی بێسەرپەرشتە بۆ منالانی بێسەرپەرشتی سەرجادە لە بەغداد و چەند شاری تری کوردستان و عێراقدا. هەروەها لێکۆڵینەوە و چۆنێتی کارکردن و زانیاری تەواو بەدەستهێنان بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە مرۆییەی سەنتەری منالان بۆ منالانی بێسەرپەرشت وتاوتۆێ کردنی ، یەکێکی تری ئەرکەکانی ئەم سەردانەی نوێنەری سەنتەرە بۆ بەغداد.
شایانی باشە پێدەچێت بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان سەنتەری منالان و ڕێکخراوەکان ، سەنتەری منالان هەر شەش مانگ جارێک مافی سەفەرکردن و سەردان و لێکۆڵینەوەی هەبێت لە سەر کێشەو گرفتەکانی منالان بۆ هەر یەکێک لە وولاتانی کیشوەری ئاسایا. ئەمەش بە ڕێکەوتن لەگەڵ سەرپەرشتیاری گشتی سەنتەری منالان لەدەرەوەی وولات جێبەجێ دەکرێت. کە ئێمە بە پلەی یەکەم و لەم کاتەدا هاوکاری کردنی منالان لە عێراق و کوردستاندا بۆ ئەم مەبەستە هەڵدەبژێرین.


**شێرزاد فاتح**

**سەرپەرشتیاری گشتی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان**

**www.santarimnalan.com**


**2005/10/01**